# ئاسایشی زانیاریی و تایبەتمەندێتی تاک لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا بەکارهێنەری"کوردزمان" بەنمونە

ID No. 939
(PP 218 - 237)
https://doi.org/10.21271/zjhs.27.5.13

هەردەوان محمود کاکەشێخ
بەشی ڕاگەیاندن، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەڵاحەدین-هەولێر
hardawan@su.edu.krd

نەوزاد جەمال حمەفرج
دەستەی کوردستانی بۆ دیراساتی ستراتیجی و توێژینەوەی زانستی
nawzad.hamafaraj@kissr.edu.krd

رابەر طلعت جوهر
jawharraber@gmail.com

وەگـــــرتن : 2023/02/08
پەسندکردن : 2023/04/16
بڵاوکردنەوە : 2023/10/15

**پوختە**

هاوتا بەپێشکەوتنی "تەکنۆلۆجیای نوێ" وەرچەرخانێکیش لەژیانی بەکارهێنەری سەردەمەکەدا هاتۆتەئاراوە. لەو ڕووەوە "ژیانی تایبەتی" تاکی بەکارهێنەر کەوتۆتە دۆخێکی نوێ و پەردەهەڵماڵین و بینراوێتی و بەردەستبوون بۆ هەموو، کە بەڕوونێتی"شەفافیەت" دەناسرێت. ئەم بەردەستبوون و ڕووهەڵماڵراوییە تەنها بۆ دامەزراوەکان و شوێنە فەرمییەکان و کۆمپانیاکانی ئەپڵیەکشن نەبوو، بەڵکو بۆ هەموو بەشداربوو و بەکارهێنەرێکی نێو تۆڕەکاندا دەگرێتەوە. "پارادۆکس"دژبەیەکەش لەوەدایە: لە سەردەمی زاڵبوونی تەکنۆلۆجیا دیاردەی "ڕوونێتی" خەسڵەتێک جیاکەرەوەیە، بەڵام دواجار هەر ئەمە وادەکات تایبەتمەندێتی کەسێتی بکەوێتە بەردەم مەترسی و بەئاسان بکاتە دەستی لایەنی سێهەم و بازرگانی یان بۆ مەبەستی سیخوڕی و تاوانکاری بەکاربێت. ئیتر، بەهۆی ئەو پێشکەوتنە نوێیەوە، دۆخی بوونەکی تاکی بەکارهێنەر چۆتە قۆناخێکیترەوە؛ قۆناخی "نەمانی" تایبەتمەندێتی بەهۆی شەیرکردنی هەواڵ و وێنەو ڤیدیۆو زانیارییە کەسییەکان بۆ هەمووان.

ئەم توێژینەوە هەوڵێکە بۆ خستنەڕووی شێوازی بەکارهێنانی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان لای بەکارهێنەری کورد و لێکەوتەکانی لەسەر ئاسایشی زانیارییەکان و تایبەتمەندێتی تاك، بۆ کۆکردنەوەی داتاکان پشت بە میتۆدی توێژینەوەی چەندێتی بەستراوە، بۆ سامپڵێك لە بەکارهێنەری کوردزمان لەهەرێمی کوردستاندا. لە گرنگترین ئەو دەرئەنجامانەی توێژەران پێیگەیشتوون، ئەوەیە تێگەیشتنی بەکارهێنەری کورد بۆ تایبەتمەندێتی و پرایڤەسی بەجۆرێکە، کە بایەخی ئەوتۆ نادەن بەپاراستنیان لەکاتی "شەیرکردنی" وێنەو زانیارییەکانییدا، ئەمە تەنها لەپێناو هێنانەدی حەزی دەرکەوتن لە تۆڕەکۆمەڵایەتییەکاندا.

**کلیلە وشە:** ئاسایشی زانیارییەکان، تایبەتمەندێتی داتای تاک، تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان، بەکارهێنەری کورد.

## پێشەکی

وەنەبێت کاریگەریی پێشکەوتنی تەکنۆلۆجیا، تەنها لەسەر ئەو کۆمەڵگەیانەی کە ڕۆڵی بەرچاوییان لە بەرهەمهێنان و دۆزینەوەو پێشخستنی زانستی تەکنۆلۆجیادایە، هەبێت. بەڵکو، دەستکەوتە تەکنۆلۆجییەکان سنوورە جوگرافیەکانیشی تێپەڕاندووەو ئەو کۆمەڵگەیانەشی، کە تەنها بەکارهێنەرێکی سوودلێوەرگرن گرتۆتەوە. کەواتە، هەژموونی تەکنۆلۆجیا دۆخێکی گەردوونی و بوونەکی لە ژیاندا هێناوەتە ئاراوە.

کاریگەری و شوێنەوارەکانی بۆ هەموو کون وقوژبنێکی گۆی زەوی پەڕیوەتەوە. تەنانەت، تەکنۆلۆجیا سنوری ژیانی تایبەتی کەسەکانیشی بەزاندووە و جیاکردنەوەی "کایەی تایبەت و کایەی گشتی". ئاڵۆزترکردووە. نەک ئەوەی تەنها بووەتە بەشێکی سەرەکی کاروبارو سەرقاڵی رۆژانە، بەڵکو "ژیانی تایبەت"ی کەسەکان لەسایەی تەکنۆلجیای پەیوەندیکردندا، چۆتە دۆخێکی نوێوە: تاک خۆی هاوبەشکار و پەخشکەری زانیارییە کەسییەکانیەتی.

لەمەوە، قۆناخێکی نوێ لەژیانی مرۆڤی سەردەمەکەدا دەبیندرێت: تایبەتمەندێتیی بەجۆرێک و بەهۆی بەکارهێنانی تەکنۆلۆجیای زانیاریی و تۆڕەکانەوە، پارێزبەندیی لەسەر نەماوە. وەک لە ئەنجامی توێژینەوەکەدا دەردەکەوێت؛ تەنها کۆمپانیاکان و

ئەپڵیکەشنەکانی وەک سناپچات و فەیسبوک و تیکتۆک بەنمونە هۆکارەکە نین، بەڵکو دیوێکیتریشی هۆکارەکە بۆ هاوبەشەکان، واتە بەکارهێنەری ئەو تۆڕانە خۆیان دەگەڕێتەوە.

لێرەوە، دەکرێت ئەو راستییەش بووترێت؛ پاڵنەرە خۆییەکان وەک خۆنمایشکردن، بەردەستبوون و شەیرکردنی زانیاری ئاسایی رۆژانەی ژیان لەگەڵ هاوڕێ و ناسیاو خزمان لە تۆڕەکاندا، گۆرانکارییەکی لە چەمکی تایبەتمەندێتی تاکی بەکارهێنەردا هێنابێتە ئاراوە. چیتر تاک و تایبەتمەندێتی کەسی، ئەو مەودا پارێزراو پەرژینکراوە داخراوە نییە بەڕووی دەرەوەدا. بەڵکو، ژیانی تایبەتی دەبێتە پنتی پەیوەندی و کارلێک کە بەهۆی حەزی بینراوێتی، هەستی دانپێدانان و پرستیژی کۆمەڵایەتییەوە، بەڕاستەوخۆ لەسەر سینییەک دەخرێتەبەرچاوی بینەران. وەک دواتر لە ووردەکاری توێژینەوەکەدا باشتر روونەدەبنەوە.

ئیدی، خۆدەرخستن، خۆنمایشکردن لەپێناو دەستخۆشی، هەستکردن بەخۆ و خۆبینینەوە لەڕێی دانپێدانانی ئەویترەکانەوە وەک خواستێکی جڤاکی تاکەکانی سەردەمەکەی لێهاتووە. لێکەوتەیەکیتری ئەم گۆڕانکارییە، ئەوەیە لە هەرێمی کوردستان دامەزراوەفەرمییەکان بۆ ناو تۆڕەکان داخزاون و تەنانەت ماڵپەڕی فەرمی و ناونیشانە فەرمییەکان، بەو ئەندازەیەی کە هەیە کاریان پێناکرێت!

ئاگاداری و هەواڵ لەماڵپەری وەزارەتێک یان دەستەو کۆلێجێکی خوێندنی باڵا هێندەی لەڕێی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکانەوە ئاڵوگۆڕ دەکرێت، ئەوەندە بە پەیوەندی فەرمیدا تێناپەڕێت. ئەگەر سەیری ماڵپەڕە فەرمییەکانی حکومەت بکەیت، دەبینیت بەشێکی زۆریان ناکاران یان ئەپدەیتکراونین. زۆربەی ئاڵوگۆری زانیارییەکان بەرێگەی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکانی وەک فەیسبووک و ڤایبەرو وەتسئەب و تیلیگرام دەڕۆن. ئەمە هێندەیتر وادەکات، زانیارییەکان و تایبەتمەندییەکانی بەکارهێنەریش پارێزراو نەبن. ئەگەری ئەوەی کە بکەونە دەست لایەنی سێیەم و بۆ مەبەست و ئامانجیتر بەکاربهێنرێن. لەم توێژینەوەدا هەوڵدەدرێ، بەچەند تەوەرێک لێکەوتەکانی ئەو گۆڕانکاریی و کاریگەرییانە شرۆڤەبکرێن.

تەوەری یەکەمی توێژینەوەکە تایبەتە بەمیتۆدنامە، لە تەوەری دووەمدا باس لە تایبەتمەندێتی داتا"پرایڤەسی" و پاراستنی تایبەتمەندێتی دەکەین، تەوەری سێیەم لایەنی پراکتیکی توێژینەوەکە لەخۆدەگرێت و شیکردنەوەی ئەنجامەکانی فۆرمی ڕاپرسی خراونەتەڕوو، لەکۆتایی توێژینەوەکەدا دەرئەنجامەکان خراونەتەڕوو.

**توێژینەوەکانی پێشوو:**

بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە ئەم بابەتە گرێدانی هەردوو گۆڕاوی (ئاسایشی زانیارییەکان) و (تایبەتمەندێتی تاک) لە تۆڕەکۆمەڵایەتییەکانداو باسکردنە لە پەیوەندی ئەم دوو گۆڕاوە لە هەر سێ ڕەهەندی ڕاگەیاندن و کۆمەڵناسی و فەلسەوە، بۆیە توێژەران هیچ توێژینەوەیەکی پێشووتریان بەدی نەکرد، کە هاوشێوە یاخود نزیك بێت لەو بابەتەی کە لەم توێژینەوەیەدا خراوەتەڕوو.

**1: میتۆدنامەی توێژینەوە**

**1-1کێشەی توێژینەوە:**

لەگەڵ ئەوەی سەردەمی ئێستا بەسەردەمی فراوانبوونی زانیارییەکان و پێشکەوتنی تەکنەلۆجیاو پاراستنی زانیارییەکانی بەکارهێنەر ناوزەند دەکرێت، بەڵام ناڕوونییەك هەیە لەوەی تاچەند هۆکارەکانی پاراستنی زانیاریی و تایبەتمەندێتی داتاو زانیارییەکانی بەکارهێنەر، پارێزراو و سەلامەتن بەتایبەت لە سایەی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکاندا.

**1-2گرنگی توێژینەوە:**

توێژەران، پێیانوایە، دەکرێ سودو بایەخی ئەم توێژینەوەیە لە چەند رەهەندێکەوە ببینرێت:

أ-رەهەندی راگەیاندن و رۆشنبیری: ئەم توێژینەوەیە هەوڵێک دەبێت بۆ خستنەڕووی شێوازی بەکارهێنانی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان لای بەکارهێنەری کوردو لێکەوتەکانی لەسەر ئاسایشی زانیارییەکان و تایبەتمەندێتی و پرایڤەسی تاك.

ب-ڕەهەندی فەلسەفی: هاوکات لەبەرئەوەی چەمکی تایبەتمەندێتی بەندە بەچەمکی تاک، سەربەخۆیی"ئەتۆنۆمی" وشکۆی کەسی و مافی پاراستنی ژیانی کەسی و خاوەندارێتی داتاوە، دەکرێت، سەرچاوەکانی تایبەتمەندێتی لەو سۆنگەوە بخوێنرێتەوە.

ج-ڕەهەندی کۆمەڵناسی: چونکە، پرسی تایبەتمەندێتیی بەندە بەشێوازی ژیان و بیرکردنەوەی تاک و کۆمەڵگەو کولتوەرە هەیە. جیاوازای کولتوریی کاریگەری لەسەر شێوازو چۆنییەتی بەکارهێنانی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکانیش گرنگی هەیە.

**1-3ئامانجی توێژنەوە:**

ئامانجی توێژینەوەکە، زانینی ئەو ڕۆڵەیە کە شێوازی بەکارهێنانی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان دەیگێڕێت لە تێپەڕاندنی تایبەتمەندێتی تاك و ئاسایشی زانیارییەکانی، لە ڕێی ئەم توێژینەوەیەوە مەبەستمانە تیشك بخەینە سەر ئاگایی بەکارهێنەری تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان و ڕادەی بایەخدانی بە تایبەتمەندێتی تاك و ئاسایشی زانیارییەکانی لە ڕەهەندی ڕاگەیاندن و فەلسەفی و کۆمەڵایەتییەوە.

**1-4پرسیارەکانی توێژنەوە:**

بۆ گەیشتن بە ئامانجی توێژینەوەکە، توێژەران هەوڵدەدەن لە ڕێگەی ئاراستەکردن چەند پرسیارێك و گەڕان بەدوای وەڵامەکانیاندا، بگەن بە ئامانجی توێژینەوەکە. پرسیارە بنەڕەتییەکانی توێژینەوەکەش لە مانەدا خۆی دەبینێتەوە:

1-چۆن ژیانی تاکەکان لەسایەی بەکارهێنانی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکاندا دەبێتە داتا، دواتر کڕین و فرۆش یان بۆ مەبەستی دیکە بەکاردێت؟

2-بۆچی بەکارهێنەری کورد هیچ لەو دۆخە ناسڵەمێتەوەو ئامادەیە زۆربەی زانیاری و تایبەتمەندێتی"پرایڤەسی" خۆی شەیربکات و لەگەڵ کەسانی دیکە هاوبەشیان پێبکات؟

3- ئایا کام زانیارییانە لای بەکارهێنەری کورد وەك تایبەتمەندێتی و پرایڤەسی تەماشا دەکرێت؟

4-تا چەند ئەپڵیکەشنەکان و تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان، ڕێخۆشکەری لاوازبوونی تایبەتمەندێتین؟ جا ئامانجەکە بازرگانی و ئاڵوگۆڕکردن بێت بەتاک یان بەجێهێنانی خواست و مەیلی بەکارهێنەران بێت. بەڵام، ئایا ئەو گوێنەدانە پەیوەستە بە دیاردەی "خۆنمایشکردن" لە تۆڕەکاندا؟

5-ئایا تایبەتمەندێتی بەکارهێنەر لەسایەی تۆڕەکان و بەتایبەت تۆڕەکۆمەڵایەتییەکاندا لە سایەی پێشکەوتنی تەکنەلۆجیادا پارێزراوە؟

6-ئایا بەکارهێنەری کورد پاراستنی تایبەتمەندێتی خۆی بەلاوەگرنگترە یان حەزی دەرکەوتنی لە پلاتفۆرمەجیاوازەکانی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکاندا؟

**1-5 کۆمەڵگەو سامپڵی توێژینەوەکە:**

کۆمەڵگەی توێژینەوەکە بریتییە لە هەموو بەکارهێنەرانی پلاتفۆرمە جیاوازەکانی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان لە هەرێمی کوردستاندا، هەروەها سامپڵی توێژینەوەکەش، بریتییە لە (1000)بەکارهێنەری کوردزمان، کە بەشێوەیەکی ڕەمەکی سادە دەستنیشانکراون.

**2: داتا پرایڤەسیی و پاراستنی تایبەتمەندێتی:**

**2-1تایبەتمەندێتی"پرایڤەسی" چییە و جۆرەکانی چین؟**

وەک فەیلەسوفی ئیتالی "گیانی ڤاتیمۆ" دەڵێت: ڕوونێتیی –شەفافیەت- یەکێکە لە خەسڵەتە هەرەدیارەکانی کۆمەڵگە هاوچەرخەکان و ژیانی کەسەکان. ئەم، خەسڵەتەش "دۆخێکی بوونەکی" نوێی لەژیانی مرۆڤدا هێناوەتەئاراوە (Vattimo, 1989, pp. 17-27). بەڵام، لە ڕووی فەلسەفییەوە، مێژووی جیاکردنەوەی "کایەی گشت"ی و "کایەتی تایبەت" بۆ فەلسەفەی سیاسی "ئەرستۆ" دەگەڕێتەوە (DeCew, 2018).

بەر لەوەی پێناسەی چەمکەکە بکەین، دەکرێ بوترێت، پرایڤەسی هێزە-هێزی زانینە (Véliz, 2020, p. 26). واتە، ئەو کلیلە-وشەی نهێنی کە دەرگە/سندووقی زانیاری و بابەتە تایبەتەکانی پێدەکرێتەوە (Véliz, 2020, p. 26). دەشکرێ سەرمایەک بێت بۆ کۆمپانیا و بە دەستمایەکی کەسیش تەماشابکرێت. هاوکات، وەک "هێزی نەرم" و کارتی خۆپارێزیی مرۆڤ یان سەرەداوی قانونیش لێبپروانرێت(Qaradaghi, 2012, p. 747). کەواتە، تایبەتمەندێتی پەرژین و پاوانی ژیانی کەسەکانە و پەیوەستی بە "تاک"وە هەیە. هاوکات، مافی خاوەندارێتی کەسیش دەگرێتەوە (Schermer, 2015).

لێرەوە، باسکردنی داتاپرایڤەسی، تایبەتمەندێتی داتا و زانیارییە کەسییەکانی بەکارهێنەرە کە لە ڕوانگەی هەردوو پێوەری "مافی بەکارهێنەر" لە فەلسەفەی قانون و هاوکات، مافی خاوەندارێتی داتای خۆت دەگرێتەوە. لەبەرئەوە، داتا و زانیارییە تایبەتەکانیش بەشێکن لەموڵکی کەسەکەن خۆیان و تەنها خۆیان مافی خاوەنداریتیان هەیە. خۆیبوونی داتاو زانیارییەکان، بەندە بە ئازادی کەسی. لە "لیبرالیزم"دا وەکچۆن مرۆڤ خاوندارێتی سامانیی هەیە، ئاوا زانیاری و کەسیەکانی، بەمافی خۆی دادەنرێت. واتە، لەدەرەوەی دەستێوەردانی دەوڵەت یان کۆمەڵگە و هەر لایەنێکیترە.

لێرەوە، شاردنەوە و پارێزبەندی داتاكان، مافی خۆتە وەک كەس. ئەمەش نەک لەبەرئەوەی نەنگییە(عەیبە) یان نهێنیەكی لەكەدار یان نهێنییەكە رەهەندی ئاسایش و سەقامگیری هەیە. بەڵكو لەبەرئەوەی داتا و زانیارییە كەسییەكان، نەكرێنە ئامرازو كاڵا بۆ لایەنی سێیەم، كە بەئامانجی بازرگانی یان سیاسی و چاودێری بەكاربهێنرێن.

لەمەشدا هۆشیاریی تاک و كەسی بەكارهێنەری لە بەرنامە و سەكۆكانی تۆڕەكۆمەڵایەتییەكاندا رۆڵیان هەیە. تاكی ئێمە جیاوازە لە تاكێكی ئەوروپی. شاردنەوە و پێنەدانی زانیارییەكی كەسی لەبەرئەوەیە، كە ئەگەر "لەكەدار" نەبێت و باوەڕت بەخۆتبێت هیچ سانسۆری مۆراڵی لەسەرنییە. بۆیە، هەركەس و لایەنێک(كۆمپانیا، دامەزراوەكان و رێكخراوەكان) زانیاری بەكارهێنەریان لابێت، ئاساییە.

لەكاتێكدا كۆمەڵگە ئەورپییەكان، تایبەتمەندێتی بە بەهایەكی بەرزو بەو جێگەیەی كە دەستوەردانی دەرەكی چ لەلایەن حكومەت، یان كۆمەڵگە و كۆمپانیاكان تێیدا دەوەستێنێت دادەنرێت. بەپێی روونكردنەوەی رێكخراوی تایبەتمەندێتی جیهانی" Privacy International"، تایبەتمەندێتی بریتییە لە: مافێكی بنەڕەتی و جەوهەری سەربەخۆیی و پاراستی شكۆی مرۆڤ. هاوكات وەک بنەمایەک كە لێوەی مافەكانیتری مرۆڤ لەسەر بنیات دەنرێت (Organization, 2017). بەو پێیە، تایبەتمەندێتی نۆرمێكی بنەڕەتی و سەرەكییە. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەو چەمكە لەبەكارهێنانی زمانی رۆژانەدا باوە، رەهەندی فەلسەفی و سیاسی و قانونیش هەیە.

لەبەرئەوە، تەنها یەک پێناسە یان شرۆڤ یاخود یەک واتای نییە (DeCew, 2018). هەروەها، رەهەندێكی ئاكارەكی-فەلسەفەی ڕەوشتی هەیە. چونكە، فەیلەسوفی ئەڵمانی كانت(1804 - 1724) جەخت لە بنەمایەک كە شكۆ و سەربەخۆیی تاكە وەک پێشمەرجێكی ریساكانی ئاكار كردووە و ئەوەشی لە ووتەزایەكدا بەووردی دەربڕیوە: "بەجۆرە مامەڵە لەگەڵ تاكدا بكە وەک ئامانجێ لەخۆییدا سەیربكەیت" (Kant, 2008, pp. 46-7). واتە، تاک(جەستە، داتاو زانیارییەكان) وەک ئامراز و كاڵا نابێت سەیربكرێت. چونكە، ئەوە لێدانە لە شكۆ و سەربەخۆیی مرۆڤ. لێرەوە، ناكرێ داتاو زانییارییەكانی بازرگانی یان هەر شتێكیتری پێوەبكرێت.

لەڕووی قانونەوە، حەوت جۆری تایبەتمەندێتی هەیە: - جەستە(واتە، جەستەت بەتەنها موڵكی هیچ دەسەڵات و دامەزراوەیەک بۆی نییە بەبێ رەزامەندی خۆت لێینزیبكێتەوە)، - ئاڵوگۆڕكردنی(نامەو وپەیوەندی ئۆنلاین مافی تەنهای خۆتە)، - داتای(بەكارهێنانی رۆژانەت لەسەردانیكردنی پێگەكان)، - دارایی(هەژماری بانكی و ناردن وەرگرتنی پارە)، - ناسنامە(مافی ئاشكرانەبوونی ناسنامە، رەگەز، ئایین و هتد...)، - شوێن(لەهەر كوێ و جییەک بیت، نابێت شووێنی چوونەسەر هێڵت دیاریبكرێ یان بەدواچوونی بۆ بكرێت)، - ناوچەیی/هەرێم(تایبەتە بەدەسەڵاتی هەرێمییەوە مافی دانبەسەر ماڵ و كەلوپەل و هتد... نییە)- ( Falkvinge, 2013).

هەروەها لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی بەپێی جاڕنامەی نەتەوەیەكگرتووەكان بۆ مافی مرۆڤ(1948) كە لە مادەی (12) هاتووە: "نابێ تایبەتمەندێتی، خێزان، ماڵ یان ئاڵوگۆڕكردنی نامە، یا شكۆمەندی و ناوبانگی هیچ كەس بخرێتەژێر كارگیەری دەستێوەردانی رەمەكییەوە. هەموو مافی پارێزبەندی قانونیان هەیە دژ بە هەر دەستێوەردان و هێرشێک". لەم سۆنگەوە نزیكیە (١٣٠) دەوڵەت لە قانونیاندا رەچاوی ئەو پرۆتۆكۆڵە نێودەوڵەتییانكردووە و لە دەستووردا جێگیریانكردووە (Organization, 2017).

بەڵام، ئەوەی جێی سەرنجە، تۆڕەكۆمەڵایەتییەكان بۆنمونە "فەیسبوک" یەكێكە لەو سەكۆیانە ئامانجی تێپەڕاندن و بەزاندنی سنووورەباوەكانی چەمكی تایبەتمەندێتییە. هەروەک مارک زوكەربێرگ خۆی وەک چالێنج و ئاڵنگارییەک بە راشكاوی ئەوەی دركاند كە "چیتر تایبەتمەندێتی نۆرمێكی كۆمەڵایەتی نییە. چونكە، خەڵكی گرفتیان نەک هەر لەگەڵ بەشكردنی زانیاری جیاوازنییە، بەڵكو پتر لەجاران كراوەترن بەڕووی زۆترێندا" (Véliz, 2020, p. 23). هەرچەندە بەپێی سەرچاوەیەک زوكەربێرگ كەخۆی وادەڵێ، چوارخانووی كڕیووە بەدەوری ئەوەی كە خۆی تێیدا دەژی، تەنها لەبەرئەوەی ئارامی و تایبەتمەندێتی خۆی بپارێزێت[1]!

بەدەربڕینێكیتر؛ لە كۆمەڵگە ئەورپی و خۆرئاواییەكاند كە لانكەی سەرهەڵدانی چمكی تایبەتمەندێتیین، لەسەردەمی تەكنۆلۆجیای نوێ و زاڵبوونی تۆڕەكاندا چیتر ئەو چەمكە وەک نۆرمێكی كۆمەڵایەتی سەیرناكرێت(Johnson, 2010) . شاراوەنییە، كە ئامانج و هەوڵی كۆمپانیاكان دزەكردنە نێو ژیانی تایبەت و وەرگرتن و كۆكردنەوەی داتای بەكارهێنەرە وەک كاڵایەک بازرگانی پێوەبكرێت. ئەمە لەڕێی زەمینەسازكردن و فریودانی خۆویستانەی بەكارهێنەرەوە كە سڵ لە بەشكردنی ژیانی تاكەكەسی نەكات و هەموو شتێک بێپەردەو سانسۆری خودی-زاتی- بڵاوبكاتەوە.

[1] بڕوانە: Alyson Shontell, "Mark Zuckerberg Just Spent More Than $30 Million Buying 4 Neighboring Houses So He Could Have Privacy", Business Insider, 11 October 2013.

لەبەرئەوەی سامپڵی توێژینەوەکە بەکارهێنەری کوردزمانە، پێویستە لێرەدا ئاماژە بەجیاوازییەکی کولتوری سەبارەت بەچەمکی ژیانی **"تایبەتمەندێتی" بدرێت.** چونکە، ئەو پرسە لە باسوخواس و بیرکردنەوەی تاکی کوردا جیاوازە، لە کولتور فەرهەنگەکانیتر. ئەمەش وادەکات پێناسەو ئامرازو میتۆدی جیاواز لە گەلانیتر بۆ توێژینەوە لێی بەکاربهێنرێت. ئەوەی کە شایەنی دەرخستن و ئاشکراکردنە و ئەوەشی هی شاردنەوەیە، بەیەک پێوەر کاردەکات: هەرچییەک پێچەوانەی بەهاو پێوەرە ڕەوشتییەکان-ئایینیەکان- بێت، دەشاردرێتەوەو بەدزیەوە ئەنجام دەدرێت. هەرچییەکیش وانەبێت، ئاساییە دەربخرێ و لەلایەن کەسانی دەوروبەرەوە بزانرێت. پێوەری کورد بۆ شاردنەوە تابوو-حەرام- یان –شەرم و شورەییە، کە دەڵێن" جا بۆ بیشارمەوە خۆ عەیبە نییە". واتە، ئەوەی "عەیبە" تاک سڵدەکاتەوە دزەبکات و دەماودەم بکەوێتەوە. ئەمەش، بەشێکی پەیوەستە بە کۆمەڵگەیەک کە "کولتوری زارەکی" زاڵبێت و هێشتا پێوەرەکانی بەکاربهێنن.

ئیدی، هەرچییەک بەدەمی خەڵک بگاتەوەو بکەوێتە سەرزاریان مایەی سەرئێشەیە. بۆنمونە، زانیارییەکەسییەکان: تەمەن، ڕەگەز و پیشەو داهات و ناونیشان و هتد.. لای ئێمە ناچنە خانەی تایبەتمەندێتیەوە. جا ئەو زانیاریانەش لەلایەن دامەزراوەیەکی فەرمی حکەومەت یان لە بەکارهێنتنی ئەپڵیکەیشن و تۆڕەکۆمەڵایەتییەکانیشدا بێت. ڕەنگە، تەنها جیاوازیەک لە بەکارهێنەری ڕەگەزی مێینەدا هەبێت. لەوێدا بەجۆرێ تایبەتمەندێتی وەک سنووردارکردن و چوارچێوەیەک کاریگەربێت. بەتایبەت، لەشوێنانەی پێوەری هۆزایەتی و گوندنشین و ئاستی خوێندەواری ژن ڕۆڵ دەبنینێت. تەنها "مەحرەمەکان" لەگەڵ یەکدا تیکەڵاودەبن و ناوبردنی ژن، نەخۆشی و منداڵبوون لە مەجلیسی دیوەخان و شوێنەگشتییەکاندا باسناکرێت. (Johnson, 2010)

کەواتە، لەکۆمەڵگە نەریتییەکانی کوردستان، ئەو پارێزبەندییە پتر لەسەر ڕەگەز ماون. لێرەوە، شاردنەوە یان پاراسستنی داتای کەسیی وەک مافێکی تایبەت لای تاکی کورد هەمان واتا و ڕەهەندی و مەودای سنووردارکەری تاکی ئەورپی نییە. بەڵام، ئەمەش بەواتای ئەوەنییە کۆمپانیاکان یان حکومەت بەبێ ڕەزامەندی بەکارهێنەر خۆی دەستبخەنە نێو ژیانی تایبەتی هاوڵاتیانەوە. ڕاستە ناکرێت بەهەمان ڕوانگەو بیرکردنەوەی ئەورپا سەیری ژیانی تاکی ئێمە بکرێت، بەڵام، ئەوەش ناگەیەنێت جیاوازییەکان ڕێخۆشکەرو پاساوبن بۆ شێواندن و دەستوەردان لەژیانی تایبەتی کەسەکان.

**2-2ئاسایشی زانیاریی(Information Security) وەک ئاریشەیەکی سەردەمەکە:**

مەبەست لە ئاسایشی زانیارییەکان پاراستنی هەموو ئەو داتاو زانیاریی و "پرایڤەسیی"یانەی بەکارهێنەرە، کە لە ڕێی تۆڕی ئینتەرنێت و تۆڕەکانی دیکەی پەیوەندیکردنەوە ئالۆگۆڕدەکرێن، لە هەموو جۆرە هەڕەشەو مەترسییەکی بردن یاخود دەستپێڕاگەیشتنی بەبێ مۆڵەت.

لە پێناسەکەوە ڕوون دەبێتەوە گرنگترین بنەمای ئاسایشی زانیاریی بریتییە لە نێنەپەڕاندنی تایبەتمەندێتی و پرایڤەسی بەکارهێنەر بەبێ ئاگاداربوون یاخود وەرگرتنی ڕەزامەندی خۆی. بۆیە، یەکێک لەو پرسانەی بەردەوام کاری لەسەردەکرێت، پرسی ژیانی پاش داتاکانە. واتە، چارەنووسی ئەو داتاو زانیارییانە بۆ کارێک یان جێگەیەکی فەرمی وەرگیراون و ئەمبارکراون چییان لێدێت و کێ مافی کەڵەکردن و دەستبەسەراگرتن و خاوەندارێتی هەیە؟ تاکەی هەڵدەگیرێن و بۆچی بپارێزرن و بەچ مەبەست و ئامانجێک بەکاربێن؟ ئەمە، ڕەهەندێکی ستراتیجی و ئاسایش و دیوێکی قانونی هەیە کە ڕەنگە لای ئێمە، سەرنجەکان بەو جۆرە بۆی نەچوون.

مەبەستەکە لێرەدا لەوەنییە کە لە میدیای کوردییدا باوە توێژەر و ڕۆژنامەنووس و میدیاکار دەستی بەزانیاری و داتای پێویست لە دامەزراوە حکومییەکان ناگات. بەڵکو، ئاریشەکە ئەوەیە چۆن داتا و زانیارییەکان کێشەوگرفتی سیاسی و قانونی و ئاسایشی دەخەنەوە. بۆیە، دەبێت ئەوە بزانین داتاکان لەکوێوە دێن؟ کێ دەسەڵاتی بەسەر داتاکاندا هەیە؟ دەڵاڵەکان-جامبازەکان- یان لایەنە پەیوەندیدارەکان؟

دیارە، داتاکان لەسێ ڕێگەوەیە: تۆمارە گشتییەکان(فەرمانگەکان)، ئەو زانیارییە گشتیانەی کە بەردەستن(تۆڕەکان)، هەروەها، سەرچاوە نا-گشتییەکان (Ebeling, 2016, p. 33). بۆنمونە، دەڵاڵەکانی داتاکان لە ئەمریکا دەتوانن زانیاری ناسنامەی کەسی بەکارهێنەر پتر لە (50,000) جێگەوە کۆبکەنەوە کە دەکاتە نزیکەی هەفتا ملیار بایتس لەداتا لەساڵێکدا (Ebeling, 2016, p. 33).

لەسەردەمی زاڵبوونی تەکنۆلۆجیای زانیاری و پەیوەندیی نوێدا، هێز و دەسەڵات بەتەنها مۆنۆپۆڵی حکومەت و دامەزراوەکانی نییە. کۆمپانیا زەبەلاحەکانی ئینتەرنێت، گوگڵ، فەیسبوک و هتد... دەسەڵاتیان بەسەر داتاکاندا هەیە. لەپاڵ ئەوانیشدا دەڵاڵەکانی داتا، باڵادەستن (Ebeling, 2016, p. 36). بۆنمونە، دیاردەی دزەکردنی داتا نهێنییەکانی حکومەتی ئەمریکا لەلایەن "ئیدوارد سنۆدن" لە ٢٠١٣ وەک تەقینەوەکە دەبینرێت (Ebeling, 2016, p. 36).

ئیدی، ئەمڕۆ لەبەردەم چینێکی نوێداین کە بە "جامباز و دەڵاڵەکانی زانیاری و داتا" ناودەبرێن. چونکە، کۆگای زانیاری و داتاکان، بازاڕێکی گەرمی بازرگانی پێوەکردنی سازکردووە. لێرەوە "کۆمەڵگای داتابەیس" دەلالەت لە توێژێ دەکات کە لە بۆرسەی زانیارییدا باڵادەستن. بەڵام، داتاکۆکردنەوە، دیاردەیەکی دێرینی کۆمەڵگە و رژێمەکان و ئایینەکان بووە لەمێژوودا. هەر لە بابلی، میسری و رۆمان تا دەگاتە دەوڵەت-نەتەوە و ئیمراتۆریەتە زلهێزە نوێکان، داتا بایەخی ستراتیجی و ئاساییش هەیە (Ebeling, 2016, p. 39).

هەر لە تۆماری لەدایکبوون، باج و خەراج و ژماری دانیشتوان هتد... جێبایەخبوون لەوەی کە بە "جەنگی زانیاری" ناسراوە.

کەواتە؛ لەڕێی پرۆسەی کۆکردنەوە و بەبازاڕکردن، جامبازەکان داتایەکی نوێ دروستدەکەن کە بەنیازی فرۆشتنین. بازاڕی جامبازیی داتاکان فرە-لۆیە و ئالۆزیشە. راستیەکەش ئەوەیە کە پرۆسەیە راستەوخۆ و ئاشکرا لەگەڵ کریار/ بەکارهێنەردا روونادات. چونکە؛ ئەدرەس- ناونیشانیکی راستەوخۆی نییە. بەڵکو پرۆسەکە لەنێوان بازرگان و دەڵاڵەکاندا لە پشتەوە روودەدات (Ebeling, 2016, p. 30). دەڵالەکان زانیاری گشتی و تایبەت وەردەگرن و وەک کاڵا کۆدەکرێتەوە و پاشان بەپارە دەیگۆڕنەوە. ئەوەش پاش ئەوەیە داتاکان دەکرێنە کاڵایەکی نامادی، ئیتر کڕین و فرۆشی پێوەدەکرێ (Ebeling, 2016, p. 30).

هەروەها، لە کتێبی "ژیانی پاشەرۆژی-قیامەت- داتاکان"دا، "ماری ئیبەلین باس لەژیانی داتاکان، چارەنووسیان لە کەرتی خانوبەرە، بانک و تەندروستی کە چۆن کۆکراونەتەوە و دواتر چییان لێدیت و بەکوێدەگەن؟ بەڕای ئەو، زانیارییەکان دەبنە ژمارەیەک لە کۆمپانیاکانی دڵنیایی-بیمەی تەندروستی و خانووبەرە کە دواجار بڕیار لەسەر پاکێج و مافی بەکارهێنەر لە بیمە و مافی وەگرتنی چارەسەری تەندروستی یان تێکڕای خاڵە بەدەستهاتووەکانی بۆ خانوویەک. ئەمانش وەک "سیاسەتی بایۆلۆجی"-جەستەیی هێز و هەژمونیان بەسەر تاکەکانەوە دەبێت بەناوی دۆخی تەندروستی چاودێری و بەدواچوون دەکات. ئیدی، سەرمایەداری لیبرالیزمی نوێ، دەست لە ئاست و کواڵیتی تەندروستی هاوڵاتیان وەک بازاڕێکی خۆی وەردەدات.

### 2-3دۆخی زانیاریی و تایبەتمەندێتییەکانی بەکارهێنەر

هەڵبەت، لەسایەی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان و پێشکەوتنی تەکنەلۆژیادا، هەندێک دەرکەوتە جێی لێووردبوونەوەن:

1. **تێکشکاندنی پرایڤەسییەکانی بەکارهێنەر لەلایەن خۆیەوە:** بەشداریکردنی بەکارهێنەر لە تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان دۆخێکی وەهای خوڵقاندووە، کە زۆربەی بەشداربووانی ئەم تۆڕو پلاتفۆرمانە، ئارەزوومەندانە پرایڤەسی خۆیان لەڕێی پۆست و کۆمێنت بەشدارییەکانیان لەگەڵ بەشداربووانی دیکەی تۆڕەکە هاوبەشی و شەیر پێدەکەن. بۆ نمونە پۆستکردنی وێنەو گرتەڤیدیۆو لۆکەیشن و زۆر وردەکاری دیکەی ژیانی رۆژانە.

هەروەها، کۆمەڵناس زیگمۆنت باومان"Zygmunt Bauman" لەکتێبی (Bauman, 2007) دەڵێت: مرۆڤی ئەمڕۆ تووشی دەردێکی رسواکەر بووە، کە بریتییە لە "حەزی دەرکەوتن و بینین". لەم چەرخەدا مرۆڤ لە پێناوی ئەوەی ببینرێت و نەبینراو نەبێت ، وزەو کات و گوژمە پارەی زەبەلاح خەرجدەکات.

لەئێستادا ئەپڵیکەیشنەکان و تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان، لەناویاندا فەیسبووک، برێکی زۆر لە حەزی دەرکەوتن و بینین تێردەکات. بڵاوکردنەوەی پۆست و ڤیدیۆ لایڤ لەسەر ژیانی تایبەت وەك: (هاوسەرگیری ، نانخواردن، نووستن، ساڵیادی لەدایکبوون، ساڵیادی هاوسەرگیری، گەشتوسەیران، نەخۆشی و تەنانەت مەرگ و لێقەومانیش....هتد)، بەکارهێنانی فلتەری وێنەو ستیکەری خۆ بەئاژەڵکردن، تەنها لەپێناو زیاتردەرکەوتندا. تەنانەت زۆرجار کاربەدەست و بەرپرسی گەورە لە پێناو دەرکەوتن و بینراویدا، ئامادەیە لەناو تۆڕەکۆمەڵایەتییەکاندا بەرێگایەک خۆی دەربخات، کە هەرگیز پێشووتر ئامادە نەبووە بەوشێوەیە دەرکەوێت.

2. **فەرامۆشکردنی ماڵپەڕو بلۆگە فەرمییەکان و ڕووکردنە پەیج و ئەکاونتەکانی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان:** لە ئێستادا زۆربەی وەزارەتەکان و بەڕێوەبەرایەتییەکان و زانکۆکان و بەرپرس و کەسایەتییەکان، تەنانەت پەرلەمانتارانیش، وێبسایتە فەرمییەکانیان فەرامۆش کردووەو چالاکی و زانیاری خۆیان لە هەژمارو ئەکاونتەکانی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان دەخەنەڕوو، کە ئەمەش ڕێخۆشکەرە بۆ فریودانی خەڵك لەلایەن کەسانی هەڵپەرست.
3. **تۆمارکردنی هەموو بەدواگەڕان و کلیك کردنێك بە تەکنیکی زیرەکی دەستکرد(AI):** لە ئێستادا تەواوی سێرڤەرەکانی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان و ماڵپەڕەکانی بەدواگەڕان"search engine"، وابەستەی تەکنیکی زیرەکی دەستکرد لەناسینەوەو تۆمارکردن کراون، کە زۆر بەئاسانی حەزو بایەخی بەکارهێنەر دەناسێتەوەو پەییان پێدەبات. ئەگەر سەرنج بدەین زۆرجار بەهۆی تەکنیکەکانی زیرەکی دەستکردەوە تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان پێشبینی هەنگاوەکانمان دەکەن و پێشنیار دەخەنە بەردەستمان، بەنمونە ئەگەر تەنها جارێك گەڕان و سێرچ بۆ خزمەتگوزارییەکی پزیشکی بکەیت، ئەوا هەتا ماوەیەك

بەردەوام هەر لەگەڵ کردنەوەی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان جۆرەها پەیج و ڕیکلامی خزمەتگوزاری پزیشکی دێتە سەر پەیج و ئەکاونتەکانت بەبێ ئەوەی تۆ بەدوایاندا گەڕابیت.

4. **ناچارکردنی بەکارهێنەر بەڕێگەدان بەدەستڕاگەیشتنی زانیارییەکانی بۆ کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنانی ئەپەکان:** بەتێپەڕبوونی کات ئەپی نوێ دەخرێتە بەردەست "یوزەر"ەکان، لەگەڵ "ئینستۆڵ" کردنی هەر ئەپێك، بەکارهێنەر ناچارە کە ڕێگە بە ئەپەکە بدات دەستی بە زانیارییەکانی ناومۆبایلەکە بگات، چونکە بەشێکە لەپرۆتۆکۆڵی دابەزاندنی ئەپەکە بۆ ناو مۆبایل.

5. **فریوخواردنی بەکارهێنەر بە"کڵاود و باکئەپ":** زۆربەی بەکارهێنەر بۆ ئەوەی زانیاریی و پرایڤەسییەکانیان پارێزراو بن، پەنا دەبەنە بەر یادگەو میۆری کڵاود"Cloud"، بەشێوەی ئۆنلاین زانیارییەکانیان پاشکەوت دەکەن و دەپارێزن، زۆرجاریش پەنادەبەنە بەر باکئەپ"Backup" کردنی زانیارییەکان لەڕێی ئەپە جیاوازەکانەوە، بۆ ئەوەی لەکاتی تێکچوونی ئامێرەکانیان بتوانین زانیارییەکانیان بەدەست بهێننەوە.

6. **چاودێرکردنی تۆڕەکانی پەیوەندیکردن:** بەپاساوی پاراستنی ئاسایشی نیشتیمانی و تایبەتمەندی بەکارهێنەر زۆربەی تۆڕەکانی پەیوەندیکردن لەژێر چاودێری دامەزراوە ئەمنییەکاندان.

### 3: لایەنی پراکتیکی توێژینەوەکەو شیکردنەوەی فۆرمی ڕاپرسی

### 3-1: ڕێکارەکانی ئەنجامدانی توێژینەوەکە

بۆ ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە، لەرووی کۆکردنەوەی داتا و کاری مەیدانییەوە، کار بە میتۆدی "توێژینەوەی چەندێتی- Quantitative Research Method" کراوە ئەویش بە ئەنجامدانی راپرسی. بۆ ئەم مەبەستە، فۆرمێکی ڕاپرسییەکی ئامادەکراوە، کە (16)پرسیاری لەخۆگرتبوو، (5)پرسیاری گشتی و (11)پرسیاری تایبەت بە گۆڕاوی توێژینەوەکە پێکهاتبوو پرسیاری دیمۆگرافی و تایبەتی تیایدا خراوەتەروو. فۆرمی ڕاپرسییەکە بەشێوەی ئۆنلاین، لەرێگای پانێڵ و ئەپڵیکەیشنی (پرسیار-https://prsyar.app/)ـەوە ئەنجامدراوە، کە لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستاندا زیاتر لە (100)هەزار بەشداربووی هەیە.


سامپڵی راپرسیەکە پێکدێت لە (1000)بەشداربوو بەشێوەی هەرەمەکی سادە دەستنیشانکراون و لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستاندا وەڵامی پرسیارنامەکەیان داوەتەوە. بەشداربووەکان لەرووی دیمۆگرافیەوە سەر بە گروپی تەمەن و رەگەزی جیاوازن، لەرووی جوگرافییەوە لە هەر پێنج پارێزگاکەی هەرێمی کوردستان، بەشار و شارۆچکەکانیشەوە بەشدارییان کردووە. تەنانەت لەرووی شارنشینی و گوندنیشنەوە کار لەسەر دابەشکردنی جوگرافی سامڵی توێژینەوەکە کراوە.

ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوە مەیدانیە، لە چەندین وێنەی بەیانییدا خراونەتەروو، کە ئاراستەکانی بیرکردنەوەی بەشداربووانی نمونەکە لە وڵامی پرسیارەکانی ئێمەدا نیشان دەدات و توێژینەوەکەشمان بە پشت بەستن بە داتا و زانیاریی مەیدانی، پاڵپشتی لەو تیۆرە و گریمانانەی خۆی دەکات لە لێرەدا دەخرێنەروو.

### 3-2: شیکردنەوە و خستنەڕووی زانیارییەکانی لایەنی مەیدانی توێژینەوەکە


لە پێناو گەیشتن بە ئامانجی توێژینەوەکە، پاش ئەوەی توێژەران هەستان بەدابەشکردنی فۆرمەکان بەسەر سامپڵی لێتوێژراوەدا بەشێوەی ئەلیکترۆنی و کۆکردنەوەی داتاکان و شەنوکەوکردنی داتاکان، توێژەران بەم ئەنجامانە گەیشتن:

**1.دابەشبوونی سامپڵی توێژینەوەکە بەپێی تەمەن:**




بەپێی داتاکانی هێڵکاری1 بەشداربووەکانی نمونەی توێژینەوەکە لەرووی تەمەنەوە، سەر بە گروپی تەمەنی جیاوازن، بەرزترین گروپی تەمەن لە نمونەکەدا ئەوانەن کە تەمەنیان لەنێوان 16بۆ 35 ساڵیدایە، ئەمەش لەو روانگەیەوە وەرگیراوە کە دانیشتوانی هەرێمی کوردستان لەرووی دیمۆگرافییەوە خاوەنی دانیشتوانێکی گەنجە، گەورەترین گروپی تەمەنی دانیشتوانەکەی ئەوانەن کە تەمەنیان لەخوار 25 ساڵییەوەیە. هەروەک چۆن ئەو گروپە تەمەنەی کە لێرەدا وەرگیراون، چالاکترینن لەرووی بەکارهێنانی ئینتەرنێت و تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان بەگشتی.


1.دابەشبوونی سامپڵی توێژینەوەکە بەپێی ڕەگەز:




هێڵکاری **2**

هێڵکاری2 دابەشبوونی نمونەی ڕاپرسیەکە دەردەخات لەرووی رەگەزەوە. ژمارەی نێر و مێ لەنمونەکەدا لەسەر بنەمای چالاکی هەردوو رەگەزەکە وەرگیراوە لە سەر ئینتەرنێت و تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان، ئەگەرچی جیاوازییەکە زۆرە ئەمەش بەلێکدانەوەی توێژەران ڕەنگە بەهۆکاری ئەوە بێت ڕەگەزی مێ کەمتر بایەخ دەدەن بە وەڵامدانەوەی فۆرمی ڕاپرسی لەمجۆرە بابەتانەوە.


3.دابەشبوونی سامپڵی توێژینەوەکە بەپێی پارێزگا دەخاتەڕوو:




هێڵکاری **3**

هێڵکاری3 دابەشبوونی نمونەی ڕاپرسیەکە دەردەخات بەپێی پارێزگا. ئەوەی تێبینی دەکرێت زۆرینەی بەشداربووانی ڕاپرسییەکە دانیشتووی پارێزگای هەولێرن و بە پلەی دووەمیش دانیشتووی پارێزگای دهۆکن.


4.دابەشبوونی سامپڵی توێژینەوەکە بەپێی شوێنی نیشتەجێبوون دەخاتەڕوو:




**هێڵکاری 4**


بەپێی هێڵکاری4 کەدابەشبوونی نمونەی ڕاپرسیەکە دەردەخات بەپێی شوێنی نیشتەجێبوون. ئەوەی تێبینی دەکرێت زۆرینەی بەشداربووانی ڕاپرسییەکە دانیشتووی ناوەندی پارێزگان بەڕێژەی 50%ی نمونەی توێژینەوەکە، ئەمەش ئەوە دەردەکات کە بەشداریکردن لە تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان لەناوەندی پارێزگاکان زیاترە بە بەراورد بە قەزاو ناحیەو گوندەکان.

وەک لە وێنەکەدا دەردەکەوێت، نمونەکە بەسەر هەموو ناوچەکانی کوردستان بەگوێرەی قەزا و ناحیەکان، دابەش بووە. ئەمەش لەرووی میتۆدییەوە بۆ سەلامەتی داتا و زانیاری مەیدانی کە بتوانێ نوێنەرایەتی هەموو هەرێمی کوردستان بکات.




**هێڵکاری5**


4.بەشداری تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان بەناسنامەی ڕاستەقینە بۆساپڵی توێژینەوەکە دەخاتەڕوو:




**هێڵکاری 6**

یەکێک لەو پرسانەی کە لە تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان و تەکنەلۆژیای پەیوەندیکردندا جێگەی بایەخە، پرسی خۆناساندن، شاردنەوەی ناسنامە یان بەشداریکردنە لە تۆڕەکۆمەڵایەتییەکاندا بە ناسنامەی راستەقینەی کەسەکان خۆیان. ئەمر خاڵەش لەو ڕووەوە گرنگە، کە تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان دەتوانن دەستێکی باڵای هەبێ لە ڕووی بەلاڕێدابردن و زانیاری هەڵە"Dis-information" کە یەکێکە لە گرفتەکانی تەکنەلۆژیای پەیوەندی و نێتۆرکی مۆدێرن. ئەوەی جێگای سەرنجە، سێ لەسەر چوار، واتا زۆرینەی ڕەهای نمونەی توێژینەوەکە کە بە بەڵێ وەڵامیان داوەتەوە بە ناسنامەی ڕاستەقینەی خۆیان هەژمار و بەشداریان لە تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان و تۆڕەکانی پەیوەندیدا هەیە.


5.دابەشبوونی ساپڵی توێژینەوەکە بەپێی ئاستی خوێندن دەخاتەڕوو:




**هێڵکاری 7**

بەپێی داتاکانی هێڵکاریەکە دەرکەوتووە، ژمارەیەکی بەرز لە بەشداربووانی نمونەکە، خوێندکاری زانکۆن، پاشان ئامادەیی. واتا زۆرینەیان لە ئاستێکی خوێندەواری گونجاودان لەرووی بەکارهێنانی ئینتەرنێت و ئامێرە زیرەکەکانی مۆبایل. لەهەمان کاتدا، ئەگەر سەرنج بدەین، نمونەکە نوێنەرایەتی هەموو چین و توێژەکان دەکات بەبێ جیاوازی.

6. پێشنیارکردن بۆ بەشداریکردن لە تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان دەخاتەڕوو:





**هێڵکاری 8**

ئامانج لەو پرسیارە، نیشاندانی ئەزموونی بەکارهێنەرانی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکانیە، بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ نیشانمان دەدات کە بەکارهێنەرەکان چۆن گوزارشت لە ئەزموونی خۆیان دەکەن و تاچەند رازین، وەک لەهێڵکارییەکەدا دەبینین، تیایاندا، تەنها لە ٣٠٪ ی بەشداربووەکان پێشنیاری بەکارهێنانی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان دەکەن بۆ هاوڕێکانیان. ئەم رێژەیە بەبەراورد لەگەڵ ئەوانەی کە بێلایەنن، یان پێشنیار ناکەن و یاخود هیچ پێشنیار ناکەن، زۆر کەمە.

کەواتە، زۆرینەی بەکارهێنەرانی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان، بۆیان گرنگ نییە، یان بەلایانەوە بیرۆکەیەکی باش نیە کە بانگهێشتی هاوڕێکانیان یان کەسە نزیکەکانیان بکەن بۆ بەکارهێنانی هەمان تۆڕەکان کە ئەوان بەکاری دەهێنن؛ ئەمەش دەلالەتە لەوەی یان ئەوان ئەزموونێکی باشیان نیە، یان بەلایانەوە ئەوەندە گرنگ و سەرنجڕاکێش نیە، لەهەردوو حاڵەتەکەدا، بۆمان دەردەکەوێت کە تەنانەت بەکارهێنەرانی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان، لەگەڵ ئەوەی خۆیان لەناو تۆڕەکاندان، بەڵام زۆر بۆیان گرنگ نیە، یان وەک رۆتینێکی ئاسایی سەیری دەکەن.


7. بەکارهێنانی پلاتفۆرمە جیاوازەکانی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان لای بەکارهێنەری کورد:




**هێڵکاری 9**

ئەم هێڵکارییە، پلەبەندی بەکارهێنەرانی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان نیشاندەدات لە هەرێمی کوردستاندا. وەک دەبینین، زۆرینەی بەکارهێنەری سامپڵی توێژینەوەکە بەپلەی یەکەم تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک بەکاردەهێنن، پاشان بەپلەی دووەم ئینستاگرام و دواتریش سناپچات. ئەگەر سەرنجی ئەم داتایە بدەین، بۆمان دەردەکەوێت کە زۆری بەکارهێنانی فەیسبووک و کاریگەرییەکانی بەسەر دروستکردنی سەلیقە و رای گشتیدا بە ئاشکرا دەردەکەوێت؛ بە ئەندازەیەک پەیجەکانی فەیسبووک دەستیان هەیە لە ئاراستەکردنی رای گشتی و تەنانەت دامودەزگا سیاسی و حکومیەکان بە هەردوو باری باش و خراپدا، لەگەڵ داگیرکردنی پانتاییەکی فراوان لە بەلارێدابردن و بڵاوکردنەوەی هەواڵ و زانیاری هەڵە و نادروست. ئەم پلەبەندی بەکارهێنانەش ئەوە دەخاتەڕوو بەکارهێنەری کورد زۆرتر مەیلی بەلای ئەو تۆڕەکۆمەڵایەتیانە هەیە کە بۆ کات بەسەربردن و بەزمەساتن، کەمتر تۆڕەکۆمەڵایەتییە ئەکادیمی و زانستییەکانی وەك لینکدئین و ریسێرچ گەیت بەکاردەهێنن.


8. ئاستی دڵنیایی بەکارهێنەری کورد لە بەشداریکردنی لە تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان دەخاتەڕوو:




**هێڵکاری 10**

بەکارهێنەرانی ئینتەرنێت تاڕادەیەک هەست بە دڵنیایی دەکەن، ئەمە بۆچوونی نزیکەی نیوەی بەشداربووەکانی ئەم توێژینەوەیە. ئەمەش وەک حاڵەتێکی ئاسایی دێتەبەرچاو، بەبەراورد لەگەڵ ئەو هەموو پێشێلکارییانەی کە لەسەر تۆڕەکانی ئینتەرنێت بەرامبەر بە نهێنیپارێزی و تایبەتمەندێتی بەکارهێنەرەکانی ئەنجام دەدرێت. خاڵی سەرنجراکێش لێرەدا ئەوەیە، بەکارهێنەرانی ئینتەرنێت، هۆشیارییان هەیە بەرامبەر بەوەی لەناو ئەو تۆڕە فرەلینکەدا دەگوزەرێت، بەڵام وەک پێداویستیەکی ژیان و کارو سەردەمەکە، ناتوانن خۆیان بێ بەش بکەن لە سوود و زیانەکانیشی.


9. ئاستی بەکارهێنانی ڕۆژانەی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان دەخاتەڕوو:




**هێڵکاری 11**

زۆربەی داتاکان نیشنای دەدەن کە بەکارهێنانی تۆڕەکۆمەڵایەتیەکان بە ئەندازەیەکی فراوان خەریکە شوێن بەمیدیای فەرمی، تەلەفزیۆن و کەناڵە ئاسمانییەکان چۆڵ دەکات، تەنانەت وای لەو کەناڵانە کردووە کەبایەخێکی زۆر بە تۆڕەکۆمەڵایەتیەکان بدەن و پەخشەکانی خۆیان بۆ ئەوێش بگوازنەوە. نمونەی ئەم توێژینەوەیە ئەوە پشتڕاست دەکاتەوە کە بەکارهێنانی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان و کات بەخشین بەتۆڕەکۆمەڵایەتییەکان لە کوردستاندا لە ئاستێکی بەرزدایە.

10. ئاست و شێوازی نیگەرانبوونی بەکارهێنەنەر لەکاتی خۆتۆمارکردنیان لە پلاتفۆرمەکانی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکاندا دەخاتەڕوو:





**هێڵکاری 12**

بەکارهێنەرانی ئنتەرنێت و تۆڕەکۆمەڵایەتیەکان لە کوردستاندا؛ بە پلەی یەکەم لە دەستنیشانکردنی شوێنەکانیان GPS هەست بە نیگەرانی دەکەن لەکاتی خۆتۆمارکردنیان لە پلاتفۆرمە جیاوازەکانی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکاندا، ئەگەرچی ئێستا زۆربەی خزمەتگوزارییە ئینتەرنێتیەکان و ئەپڵیکەیشنەکان داوای ئەوە لە بەکارهێنەرەکانیان دەکەن. پاشان دزە پێکردنی زانیاری و گفتوگۆکانیان و وێنە و شتە تایبەتەکانیان، کە ئەمە هەمان نیگەرانی هەموو بەکارهێنەرێکی ئینتەرنێتە لەسەر ئاستی جیهاندا. بەڵام دەسنیشانکردنی شوێن، بۆ بەکارهێنەری کوردستان جێگای نیگەرانیە، چونکە هەست دەکات هەمیشە بوون و جوڵەکانی لەژێر چاودێری کەسانی تردایە.


11. ئاست و شێوازی گرنگی پێدانی بەکارهێنەر  بۆ تایبەتمەندێتی و ئاسایشی زانیارییەکان لەکاتی بەکارهێنانی پلاتفۆرمەکانی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکاندا دەخاتەڕوو:

لێرەدا بەگوێرەی ئەم داتایە کە لەم توێژینەوە مەیدانیە بۆمان دەردەکەوێت؛ بەکارهێنەرانی ئینتەرنێت هوشیارن بەرامبەر بەوەی کە مامەڵە بە زانیارییە کەسیەکانیانەوە دەکرێ، بەڵام لەهەمان کاتدا هیچ ڕێگایەکیان نییە، خۆیان بە ناچار دەزانن، چونکە دەزانن خۆیان ڕەزامەندیان لەسەر ئەو مامەڵەیە داوە. کەواتە لێرەد لەلایەکەوە کۆمپانیاکانی خزمەتگوزاری ئینتەرنێتی بە یاسا کاری خۆیان ڕێکخستووە، لەلایەکی تریشەوە بەکارهێنەرەکانیان بە هەمان یاسا پابەند کردووە بەوە کە ڕەزەمەندی لەسەر دیباجەیەکی دووورودرێژ نیشان بدەن بەبێ ئەوە کە بیخوێننەوە، بەڵام بەکارهێنەر دەزانێ بە کلیکێک دەسبەرداری زۆر لە زانیارییە کەسیەکانی خۆی دەبێت بۆ لایەنی یەکەم کە خزمەتگوزارییەکەی پێشکەش کردووە.

12. شێوازی بەشداریکردنی بەکارهێنەر لەپلاتفۆرمەکانی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکاندا دەخاتەڕوو:





هێڵکاری 13




هێڵکاری 14

زۆرینەی بەکارهێنەرانی تۆڕەکۆمەڵایەتیەکان لەم وەک لەم نمونەیەدا دەردەکەوێت، بەتایبەت ئەوانەی کە بەناوی راستەقینەی خۆیانەوە هەژماریان هەیە، بەلایانەوە ئاساییە کە وێنە و ڤیدیۆی خۆیان پۆست بکەن یاخود بڵاوبکەنەوە. ئەمەش ئەوە دەخاتەڕوو کە زۆربەی بەشداربووانی پلاتفۆرمە جیاوازەکانی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان حەز بە دەرکەوتن و بەشداری پێکردنی چالاکی و کارەکانی ڕۆژانەی خۆیان دەکەن لەگەڵ کەسانیتردا بەبێ گوێدانە تێپەڕاندنی تایبەتمەندێتی و پرایڤەسی تاك، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە سروشتی ئەم تۆڕەکۆمەڵایەتیانە بەجۆرێك دیزاین کراوە، کە بەکارهێنەر ئالودەی خۆی بکات و حەزی دەرکەوتن بکاتە بنەماو ئامانج لەلای.

12. ئەو زانیاری و تایبەتمەندێتیانەی کە بەکارهێنەری پلاتفۆرمەکانی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان ئامادەن بەبێ نیگەرانی شێری بکەن، دەخاتەڕوو :




**هێڵکاری 15**

بەپێی ئەنجامەکانی هێڵکاریەکە، نیشانمان دەدات کەوا کامانەن ئەو زانیاریانەی کە بەکارهێنەرانی ئینتەرنێت، بەبێ دوودڵی ئامادەن لەکاتی بەکارهێنان و خۆتۆمارکردندا بەشی بکەن، یان بیبەخشن بە لایەنی دابینکەری خزمەتگوزارییەکان، ئەمەش ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە تایبەتمەندێتی و پرایڤەسی بەلای بەکارهێنەری کوردزمانەوە جیاوازی هەیە لەگەڵ پرایڤەسی لەلای بەکارهێنەرانی وڵاتانی دیکە چونکە وەك لە هێڵکاری15دا پلەبەندی بۆکراوە لەسەر بنەمای وەڵامدانەوەی سامپڵی توێژینەوەکە، بۆمان ڕوون دەبێتەوە بەکارهێنەری کوردزمان بەلایەوە ئاساییە ئەو زانیارییە تایبەتیانەی خۆی بەشداری پێبکات لەسەر تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەبێ هیچ دوودڵییەك.

**دەرئەنجامەکان**

1- پلاتفۆرمە جیاوازەکانی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان و ئەپڵیکەیشنەکان، دۆخێکی وەهایان ڕەخساندووە کە بەکارهێنەر ئارەزومەندانە یاخود بەناچاری، زۆربەی زانیاری و تایبەتمەندێتییەکانی خۆی پێشکەش بەو کەس و لایانانە بکەن، کە ئامانجیان ڕاوکردنی زانیاریی تایبەتەکانیانە بەبێ هیچ تێچوونێك.

2- کاڵبوونەوەی سنوورەجیاکەرەوکانی کایەی تایبەت و کایەی گشتی لە تۆڕەکاندا. لەگەڵ جیاوازی کولتوریی و ئاستی هۆشیاری بەکار، ڕێخۆشکردووە بۆ ئەوەی بەکارهێنەر بەئاسانی و سەرپێییانە بێتە ماسییەکی قەڵەو بکەوێتە "داوی راوچییان"ەنەوە.

3- لێکەوتەیەکیتری ئەو گۆڕانکاریی و بەرەوپێشچوونانە ئەوەیە، زانیاری و داتا دەبێتە کەرەستەی بازرگارنی و ئامرازی سیاسیش. کۆمپانیاکانی پەیوەندی دەبنە رکابەرو قەڵەمڕەوێک کە دەتوانن رکابەریی دامەزراوەکانی حکومەت بکەن.

4- تێگەیشتنی بەکارهێنەری کورد بۆ تایبەتمەندێتی و پرایڤەسی بەجۆرێکە بایەخی ئەوتۆ نادات بەپاراستنیان لەکاتی شێرکردنی وێنەو زانیارییەکانییدا، ئەمەش تەنها لەپێناو هێنانەدی حەزی دەرکەوتن لە تۆڕەکۆمەڵایەتییەکاندا.

5- چەمکی تایبەتمەندێتی لە بیرکردنەوەی تاکی کورد و کولتورەکەیدا لە کولتور فەرهەنگەکانیتر جیاوازترە. لەبەرئەوەی پێوست ئەکات توێژەرانی بوارەکە پێناسە و ئامراز و میتۆدی جیاواز بەکاربهێنن نەک هەر بەو جۆرەی کە لە کولتووری خۆرئاواییدا باوە.

6- پێدەچێت لە فەرهەنگی کوردیدا پێوەری دەرخستن یان شاردنەوەی زانیارییەک ئەمە بێ: ئەگەر پێچەوانەی بەهاو پێوەرە رەوشتییەکان-ئایینیەکان- بوو دەشاردرێتەوە. ئەگەرنا ئاساییە و تەنانەت نیشاندانی سەرمایەکی کۆمەڵایەتییە.

7- جیاوازیەکتریش لە پرسی تایبەتمەندێتییدا جیاوازی "رەگەزە". بەکارهێنەری مێینە، پتر دەکەوێتە ژێر قەڵەمڕەوی سنووردارکردن و چوارچێوەی تایبەتمەندێتیەوە. بەتایبەت، لەشوێنانەی پێوەری هۆزایەتی و گوندنشین و ئاستی خوێندەرواری ژن رۆڵیان هەیە.، تەنها "مەحرەمەکان" تیکەڵاوییان لەگەڵ یەکتردا هەیە و ناوبردنی ناوی ژن، نەخۆشی و منداڵبوون لە دیوەخان و شوێنەگشتییەکاندا باسناکرێن. لە کۆمەڵگە نەریتییەکانی کوردستان، ئەو پارێزبەندییە لەسەر رەگەزی مێینە هێشتا هەر ماون.

8- لای بەکارهێنەری کوردزمان پاراسستنی داتای کەسیی وەک "مافێکی تایبەت" هەمان واتا و رەهەند و مەودای سنووردارکەری تاکێکی ئەورپایی نییە. بەڵام ئەوەش ناگەیەنێ کە کۆمپانیاکان یان دامەزراوە حکومییەکان، بەبێ رەزامەندی بەکارهێنەر، داتای تایبەتی هاوڵاتیان بۆ ئامانجێک کە لە دەرەوەی رێکارە بەرکارەکانی پاراستنی هاوڵاتیانە بەکاربهێنن. وەکچۆن سانسۆر لەسەر پێدانی زانیاری گرنگ بۆ توێژەران و رۆژنامەنوسان تائێستاش هەیە، قۆستنەوەی کەمی هۆشیاری بەکارهێنەری تۆڕەکان، وەک پاساو دەبێتە هۆی دەستوەردانی راستەوخۆ لەژیانی تایبەتی تاکەکان.

9- کەمی زانیاری و نەشارەزایی بەکارهێنەر لە بەرامبەر لێشاوی پێشکەوتنی تەکنەلۆجیادا، دۆخێکی وەهای دروستکردووە، کە بەشداربووانی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان زۆر بەئاسانی دەبێتە نێچیری هەلپەرست و هاکەرەکان، بۆ ئەو مەبەستە ئاماژە بەچەند نمونەیەك دەدەین:

I. بەکارهێنەر کاتێك نامەیەکی دەنگی دەنێریت، یان کەچاتێك دەکات، یاخود وێنەیەك پۆست دەکات، بە تەکنیکەکانی دەستکاریکردن بە ئاسانی فەبرەکە دەکرێت، لە کەسایەتی و تایبەتمەندێتی بەکارهێنەر دەدرێت، چونکە لە ئێستادا تاکە سەرچاوەی زانین وزانیاری خەڵك تۆڕەکۆمەڵایەتییەکانیە.

II. بەجۆرەها ناوی جیاوازی وەك دامودەزگای فەرمی و کۆمپانیاو دۆست، پەیوەندی بە بەکارهێنەرەوە دەکرێت، تەنها یەك هەڵە بەسە بۆ ئەوەی دەست بەسەر تەواوی زانیاری و پرایڤەسییەکانی بەکارهێنەردا بگیرێت.

III. پەیج و ئەکاونتی ساختە "فەیك" بەناوو وێنەی بەکارهێنەرێك یاخود دامەزراوەیەکی فەرمی دروست دەکرێت، زۆر بەئاسانی و بەکارهێنەری دیکەی پێفریودەدرێت.

**سەرچاوەکان:**


Bauman, Z. (2007). *Consuming Life.* Cambridge ; Malden, MA : Polity Press.

DeCew, J. (2018, Jan 18). *privacy*. Retrieved from plato stanford.edu: https://plato.stanford.edu/entries/privacy/ First published Tue May 14, 2002; substantive revision Thu Jan 18, 2018

Ebeling, M. F. (2016). *Healthcare and Big Data: Digital Specters and Phantom Objects.* Palgrave Macmillan.

Falkvinge, R. (2013 , Nov 13). *seven privacies the many important facets of privacy*. Retrieved from private internet access.com: https://www.privateinternetaccess.com/blog/our-seven-privacies-the-many-important-facets-of-privacy/

Johnson, B. (2010, January 10). Privacy No Longer a Social Norm, Says Facebook Founder, Gaurdian.

Kant, I. ( 2008). *Groundwork for the Metaphysics of Morals.* Yale University Press.

Organization, I. P. (2017, October 23). *explainer/56/what-privacy*. Retrieved from privacy international.org: https://privacyinternational.org/explainer/56/what-privacy

Qaradaghi, R. (2012). *The Azadi English-Kurdish Dictionary.* Nasher Ehsan.

Schermer, B. ( 2015, September 08). *Interdisciplinary Study of the Law*. Retrieved from leiden law blog.nl/articles/privacy: https://leidenlawblog.nl/articles/privacy-and-property-do-you-really-own-your-personal-data

Vattimo, G. (1989). *De transparante samenleving.* Amsterdam : Boom.

Véliz, C. ( 2020). *Privacy Is Power: Why and How You Should Take Back Control of Your Data.* Bantam Press.

عەلی حامید. (٢٠٢٠). *بولتێل؛ یاداشت.* چاپخانەی تاران.

**الأمن المعلوماتي وخصوصية الفرد في شبكات التواصل الاجتماعي**
**المستخدم الكردي انموذجا**

هەردەوان محمود کاکەشێخ
قسم الإعلام/كليه الآداب/جامعة صلاح الدين-أربيل
hardawan@su.edu.krd

نەوزاد جەمال حمەفرج
الهيئة الكوردستانية للدراسات الاستراتيجية والبحوث العلمية
nawzad.hamafaraj@kissr.edu.krd

رابەر طلعت جوهر
jawharraber@gmail.com

**الملخص**

مع التطور الملحوظ الذي شهدته التكنولوجيا الحديثة والذي كان بمثابة نقطة تحول في حياة المستخدم. من هذا الأطر الحياة الخاصة للفرد المستخدم لم تعد ملكية خاصة به وإنما أصبحت ملكية عامة مشاعة إذ لم تقتصر ظهورها على المؤسسات والأماكن العامة وشركات التطبيقات وإنما أصبحت متاحة للعامة . وفي عصر تغلب التكنولوجيا ظاهرة الانفتاحية ( الظهورية)_ تعد صفة تميزية _ لكن في النهاية الامر هذا يؤدي إلى تعرض الخصوصية الفردية لمخاوف الانتهاكات وسهولة اختراقها من قبل الطرف الثالث والمتاجرة بها أو استخدامها لغرض التجسس عليها .

إذن بسبب التطورات الحديثة ظاهره التواجد الفردي للمستخدم انتقلت إلى مرحلة انعدام الخصوصية بسبب مشاركة الاخبار و المعلومات مع الجميع .

في هذه الدراسة حاولنا التركيز على كيفية استخدام مواقع التواصل الاجتماعي لدى المستخدم الكردي و مخاطرها على الأمن المعلوماتي والخصوصية الفردية. واتبع البحث المنهج الكمّي لعينة من مستخدمي الكرد في إقليم كردستان.

من اهم النتائج التي توصلت إليها الدراسة هو لامبالاة المستخدم الكردي بخصوصية المعلومات والصور التي يقوم بمشاركتها وكل ذلك لأجل تحقيق رغبة"حب الظهور" في مواقع التواصل الاجتماعي.

**Information Security and Individual Privacy in Social Networks**
**“Kurdish Users” as a Case Study**

**Hardawan Mahmoud Kakashekh**
Department of Media, College of Arts, Salahaddin University-Erbil
hardawan@su.edu.krd

**Nawzad Jamal Hamafaraj**
Kurdistan Institution for Strategic Studies and Scientific Research
nawzad.hamafaraj@kissr.edu.krd

**Raber Talaat Jwahar**
jawharraber@gmail.com

**Abstract**:
In parallel to the advancement of “New Technology”, a significant evolution in the life of current users has occurred. In that regard, users'' “private life” has entered a new phase: exposure, visibility, and availability of personal information to all is identified as “transparency”. These exposure and availability are not covered by organizations, official agencies, or application development companies only but by subscribers and users of social networks. The paradox is in this era of technological domination, “transparency” phenomena are a distinctive feature. However, this distinctive feature leads to individual privacy threat and facilitates information transmission to third parties, businesses, or is used for espionage and criminal purposes. In the view of this new evolution, individual privacy of users has entered a new phase, which is phase of “privacy lack” due to sharing news and personal information to all.

**Keywords**: Information Security, Individual Privacy, Social Networks, Kurd Users, Transparency